# ظاهرة الغربة في الشعر المعاصر الكردي (شيركو بيكس) انموذجا

**أ.م. سرود ولي اسماعيل**
جامعة بغداد / كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية/ قسم اللغة الكردية

البريد الإلكتروني Email : surood.weli@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** الشعر المعاصر، الغربة، شيركو بيكس.

**كيفية اقتباس البحث**
اسماعيل ، سرود ولي، ظاهرة الغربة في الشعر المعاصر الكردي (شيركو بيكس) انموذجا ، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الثاني ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The phenomenon of alienation in contemporary Kurdish poetry (Shirkobeks) as a model

**Assist. Prof. Surood weli Ismael**
University of Baghdad / Faculty of Education Ibn Rushd for Human Sciences/ Department of Kurdish Language

**Keywords** : contemporary Kurdish poetry, alienation, Sherko Beks.

**How To Cite This Article**
Ismael, Surood weli, The phenomenon of alienation in contemporary Kurdish poetry (Shirkobeks) as a model, Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, November 2025,Volume:15,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
Alienation is a psychological and social experience that has impacted human thinking throughout history, sometimes even altering the course of an individual's life. Poets, due to their heightened sensitivity to both the world and the inner workings of the human soul, often express this sense of alienation in their work. One poet who vividly captures this theme is the renowned Kurdish poet Sherko Bekas. His life, shaped by factors such as being distanced from his homeland and family, experiencing self-estrangement, being involved in revolution, and living in exile in the mountains, deeply reflects the phenomenon of alienation in his poetry.
The nature of the research requires us to follow the descriptive analytical approach, because the different points of the phenomenon itself become clear to the reader through the analysis of the poet's texts, and its different dimensions appear.

**الخلاصة:**

إن الغربة هي إحدى الظواهر النفسية والاجتماعية التي أثرت، عبر التأريخ، في عقلية وتفكير الانسان، بل أحيانا أدت الى تغيير مسار الحياة بالنسبة للشخص الذي أصيب بها، ولأن الشاعر هو أكثر حساسية من غيره تجاه ظواهر الحياة والنفس، لذا فقد أصبحت ظاهرة الغربة أحد المواضيع الادبية المهمة وانعكست في النصوص الادبية بوضوح. أحد الشعراء الذين انعكست هذه الظاهرة في نصوصه الشعرية هو الشاعر الكوردي الكبير (شيركو بيكس)، وذلك لوجود جميع العوامل التي تؤدي الى الغربة في حياته، مثل: البعد عن الوطن والاهل، غربة الذات، الثورة وحياة الجبال والمهجر.

إن طبيعة البحث تتطلب منا اتباع المنهج الوصفي التحليلي، لأن جوانب الظاهرة نفسها المختلفة تتضح للقارئ من خلال تحليل نصوص الشاعر، وتظهر أبعادها المختلفة.

# دیاردەی نامۆیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (شێرکۆ بێکەس بە نموونە)


پ. ی سروود وەلی ئیسماعیل جاف

زانكۆی بەغدا / كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان /بەشی زمانی کوردی

surood.weli@ircoedu.uobaghdad.edu.iq



**پوختە:**

نامۆیی یەکێکە لەو دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کاری لە ناخ و هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤ کردووە، بەڵکو هەندێجار ئاراستەی ژیان و گوزەرانی خودی گۆڕیوە، جا بەو پێیەی شاعیر زیاتر لە مرۆڤی ئاسایی کەسێکی هەستیارە بەرانبەر دیاردەکانی ژیان و دەروون و ناخ، بۆیە دیاردەی نامۆیی بووەتە یەکێك لە بابەتە ئەدەبییە گرنگەکان و بە ڕوونی لە دەقەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. یەکێك لەو شاعیرانەی ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لە دەقەکانیدا دەبینین بریتییە لە شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس)، چونکە هەموو فاکتەرەکانی نامۆیی لە ژیانیدا بوونی هەبووە، وەك: دووری لە خاك و خوێش، نامۆبوونی خود، و شۆڕش و ژیانی شاخ و تاراوگە. میتۆدی توێژینەوەکەمان میتۆدێکی وەسفی شیکارییە. سروشتی توێژینەوەکە دەخوازێ کە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریی بکەین، چونکە خودی پێنتە جیاوازەکانی دیاردەکە لە میانەی شیکردنەوەی دەقەکانی شاعیرەوە ڕوون دەبێتەوە بۆ خوێنەر، و ڕەهەندە جیاوازەکانی دەردەکەون.



**وشە کلیلەکان:** شیعری هاوچەرخ، نامۆیی، شێرکو بێکەس


## پێشەکی:

شیعر هەردەم یەکێك بووە لەو زانرانەی کاری لەسەر هەستی مرۆڤ کردووە، بەڵکو کاری پێشینەیی بریتیی بووە لە گوزارشتکردن لە هەست و نەستی مرۆڤ، و هەموو ئەو دیاردانەی خستووەتەڕوو کە کاریان لەسەر ناخ و هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤ کردووە، شێوازی دەقەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، بۆیە کاتێك دەقەکانی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ دەخوێنینەوە، هەست بە ڕەهەندی نامۆیی دەکەیت، جا لەسەر ئاستی خودی شاعیر بێت، یان لە گوزارشتی شوێنکاتەکەیەوە بە ڕوونی دیار بێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی خستنەڕووی ئەو ڕاستییەیە کە نامۆیی پانتاییەکی فراوانی دەقە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس پێك دەهێنێت، بەو پێیەی شێرکۆ ئایکۆنی نامۆیی بۆتە یەکێك لە

سیما دیارەکانی شیعری، بۆیە دەرخستنی ئەو لایەنە گرنگەی شیعرەکانی، واتا ڕوو هەڵماڵین لەسەر پەردەی مەزنترین شانۆی ژیانی شێرکۆ

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

سروشتی توێژینەوەکە دەخوازێ کە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریی بکەین، چونکە خودی پنتە جیاوازەکانی دیاردەکە لە میانەی شیکردنەوەی دەقەکانی شاعیرەوە ڕوون دەبێتەوە بۆ خوێنەر، و ڕەهەندە جیاوازەکانی دەردەکەون.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەم پرسیارانە وەڵام بداتەوە:

ـ چەمکی نامۆیی لە زمان و ئەدەب و ڕەخنەدا چ واتایەك هەڵدەگرێ ؟

ـ ئایا دەقەکانی شێرکۆ چ جۆرە نامۆییەك لەخۆ دەگرن ؟

ـ بۆچی نامۆیی لە زۆربەی دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا وەك ڕەگەزێکی زاڵ دەردەکەوێ ؟

ـ ئایا قۆناغە جیاوازەکانی شیعری شێرکۆ بوونەتە ئەفرێنەری جۆری نامۆیی جودا ؟

**پلانی توێژینەوەکە:**

لە پێناو وەڵامدانەوەی پرسیارگەلی توێژینەوەکە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پلانەکەمان بەم جۆرە ڕێکخست:

پاری یەکەم: چەمك و پێناسەی (نامۆیی) لە زمان و ئەدەبدا .

وەچەپاری یەکەم: نامۆیی لە زماندا.

وەچەپاری دووەم: نامۆیی لە ئەدەبدا.

وەچەپاری سێیەم: فاکتەرەکانی نامۆیی.

پاری دووەم: جۆرەکانی نامۆیی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا.

وەچەپاری یەکەم: نامۆیی خود.

وەچەپاری دووەم: نامۆیی شوێن.

وەچەپاری سێیەم: نامۆیی کات.

لە کۆتایدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو کە توێژەر پێی گەیشتووە لە میانی توێژینەوەکەدا، لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لێبینیوە.

**پاری یەکەم: چەمك و پێناسەی (نامۆیی) لە زمان و زاراوەدا.**

**وەچەپاری یەکەم: نامۆیی لە زماندا.**

نامۆیی "واتا ڕۆیشتن لە نیشتمان و دووركەوتنەوە لێی، هەروەها واژەی (تغريب): واتا تەریککردن لە وڵات، هەروەها (أغرب الرجل): واتا بوو بە پیاوێکی نامۆ، و (رجل غريب): واتا ئەو پیاوە لە خوێشان نییە ؛ (ابن منظور، د.س: ٣١/١٠، والرازی، ١٩٨٣: ٤٧٠).

لە سەرەتاکانی سەدەی ناوەڕاستدا لە زمانی ئەڵمانیدا (Entfremdung)ی بۆ بەکارهاتووە، وەك " گریم ؛ دەڵێت: " واتای ئەم زاراوەیە نامۆبوون یان دەستبەسەراگرن یان لێسەندن

دەگەیەنێت، ئەم زاراوەیە کتومت بەرانبەر واژەی (Alienation)ی ئینگلیزییە ؛ (الاغتراب، د.س: ٢٠).
واژەی (Fremder) بۆ مرۆڤی نامۆ بەکاردێت (مجمع اللغة العربية، ١٩٧٩: ١٦). هەروەها لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا هەردوو زاراوەی نامۆیی و نامۆبوون یەك واتان و مەبەست لەو حاڵەتەیە کە کەسی نامۆی تێدەکەوێت، بەڵام لای هەندێکی دیکەیان نامۆیی دوورە وڵاتییە و نامۆبوونیش نامۆبوونی نێو کۆمەڵگەیە و کە دواتر دەبێت بە نامۆبوونی خود. (الفيروزابادى، ٢٠٠٥: ١/١٢٦، وعباس، ١٩٩٧: ٦).
ئەم زاراوەیە لە بنچینەدا لە (Alienation)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای گواستنەوەی خاوەندارێتی بۆ یەکێکی تر دێت، یان بە واتای وابەستەبوون بە خودێکی دیکەوە دێت (مجمع اللغة العربية، ١٩٧٩: ١٦).

**وەچەپاری دووەم: نامۆیی لە ئەدەبدا:**
مەبەست لە نامۆبوون ئەو نەگونجاندنەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە لە ژیانیدا، امۆیی دیارترین کێشەی مرۆڤە کە جێی سەرنجی توێژەران بووە، لەبەر ئەوەی زۆری لەمەڕەوە نووسراوە بۆیە جیاوازی ڕا و بۆچوونیش هەیە لە نێوان توێژەراندا و نەتوانراوە پێناسەیەکی دروست و پڕاوپڕی بۆ دابنرێت، هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە چەندین پێناسەی بۆکراوە لە ڕووی زاراوەییەوە وەك: دابڕان و گۆشەگیریی و ڕەشبینی، و دابڕان لەخود، و ڕانەهاتن لەگەڵ بارودۆخەی کۆمەڵگەی تێدا دەژی (عباس، ١٩٩٧: ٨). یان بریتییە لە تەریکی و خۆبەدوورگرتنی کەسێك یان بریندداربوونی هەستی، ئەم زاراوەیە لە ئایین و فەلسەفە و سایکۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیادا بەشێوەیەکی بەربڵاو دێت، بەڵام واتایەکی هەمەلایەنە هەیە کە جۆرە کۆکییەك هەیە لەسەری ئەویش: بێنەریتی و نامۆبوونی ڕۆشنبیریی و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی یان لەخۆ نامۆ بوون، یان ونکردنی شناسی خود بەرانبەر بابەت یان هاوکات پێکەوەژیانی دوو شناسی جیاوازە لە یەك پانتاییدا (میشيل، ١٩٨١: ٢٠)، یان ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لە جەوهەری مرۆڤانەی خۆی، هەڵوەشاندنی گیانی مرۆڤانە و کۆیلەکردنی بوونی مرۆڤ دابەشکردنییەتی، هەروەك وا پێناسەکراوە کە بریتییە لە حاڵەتێکی سایکۆ ـ کۆمەڵایەتیی کە بەشێوەیەکی تەواو زاڵ دەبێت بەسەر تاکدا و نامۆی دەکات و دووری دەخاتەوە لە هەندێ لایەنی ئارا کۆمەڵایەتییەکەی، یان حاڵەتێکی ڕۆحییە کە مرۆڤی تێدەکەوێت بەشێوەیەك لە دابڕان و هەستکردن بە نامۆیی کە خراپترە لە مردن (وهبە، ١٩٧٤: ١٢٤).
لەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە نامۆیی بریتییە لە ترازاندن و دابڕان لە ئایین، لە خاك و نیشتمان، لە زمان، لە کلتوور، لە خۆشەویستی باوەڕ، لە خود. هەروەك دەگەینە ئەوەی کە نامۆیی دوو جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرێت، یەکەم: نامۆبوون بە دەرکەوتنەوە لە خەڵك و نیشتمان، دووەم: نامۆبوون لە خەڵك و کۆمەڵگە، کە ئەمەیان مەترسیدارترینە چونکە " کەسی نامۆ ئەو کەسەیە کە لەناو کۆمەڵگەکەیدا نامۆیە، یان لە نیشتمان نامۆیە ؛ (مجاهد، ١٩٨٤: ١١٧).
لێرەوە دەکرێ بڵێین: کەسی نامۆی دوورە وڵات هیوای هەیە بەگەڕانەوە و کۆتایی هاتن بە نامۆییەکەی، بەڵام ئەوی لەنێو کۆمەڵگە نیشتماندایە و نامۆیە ئەوا هیچ ئومێدیکی نییە. بەم پێیە

نامۆیی بریتییە لەو بارە دەروونییە سەختەی کە مرۆڤی تێدەکەوێت و نامۆ دەبێت، هەستکردنە بە لەدەستدانی توانا پێوەر لە ئەنجامدا دەگاتە ئەوەی کە هەست بە تەنهایی بکات و لە خودی خۆیشی نامۆ بێت (مجمع اللغة العربية، ١٩٧٩: ١٨).

لێرەوە دەتوانین بڵێین نامۆیی خۆشەویستیی مرۆڤە بۆ نیشتمانەکەی خۆی، بۆ وڵاتەکەی، بۆ کەشوهەوای بۆ هەموو شوێن و کەسوکاری لە وڵاتی خۆی، هەندێ کەسیش، نامۆیە لە وڵاتی خۆی بە هۆی باری تەندروستی و دەروونی تایبەتی خۆی.

**وەچەپاری سێیەم: فاکتەرەکانی نامۆیی:**

یەکەم فاکتەری نامۆبوونی مرۆڤ بریتییە لە خودی خۆی، چونکە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانییەوە و لەگەڵ پەیدابوونی هۆشی کەوتە نێو چەندین ململانێ و کێشمەکێشەوە، بەتایبەت لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەر و کۆمەڵگە و سروشتدا.

بەگشتی توێژەران شەش فاکتەری سەرەکی دەستنیشان دەکەن بۆ نامۆبوونی مرۆڤ، ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ فاکتەری سروشتی، وەك کارەساتە سروشتییەکان و نەخۆشی و قاتوقڕی و برسێتی.

٢ـ فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگە و خێزان و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.

٣ـ فاکتەری ئابووری، بێکاری، دابەزینی ئاستی گوزەران، نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی.

٤ـ فاکتەری ئایینی، کاتێك ناچار دەکرێت تووشی توندوتیژی دەبێت.

٥ـ فاکتەرە پیشەییەکان، کەمی وەرگرتن و دابین نەبوونی هەل و دەستکەوتی گونجاو.

٦ـ فاکترە سیاسییەکان، وەك ڕاونان و کوڕەو و تۆقاندن و سەرکوتکردن. (عباس، ١٩٩٧: ١١٨).

**پاری دووەم: جۆرەکانی نامۆیی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا.**

**وەچەپاری یەکەم: نامۆیی خود:**

ئەوەیە کە شاعیر تیایدا پرسیار لە خودی خۆی دەکات و لەسەر ڕایەڵەی مانەوە و ژیانی چارەنووسێکی نادیار تووشی بێ ئومێدی دێت، ئەو بێ ئومێدییەی لە ژیانیدا چاوەڕێیەتی و هەڵگری پەیامێکی نامۆیی مەترسیدارە، بۆیە لە ئاکامدا شاعیریش دەبێت نامۆ بێت، ئەم پرسانە نەك هەر لەلای شێرکۆ بەڵکو وەك مۆرکی سەردەمی ڕوانگەیە و لە دەقەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

یەکێك لەو دەقە زیندووانەی شاعیر کە بریتییە لە (گێنگڵ) دەمانباتەوە بۆ گرفتی نەگونجان و سەرجەم ئەو کاردانەوانەی لەو بارە دەروونییە دەکەوێتەوە، لێرەدا شاعیر باس لەو نەگونجاندنە دەکات کە زۆرجار کاری کردۆتە سەری و لە وڵاتی خۆیدا نامۆی دەکات، و دەڵێت:

بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو لەناو بێدەنگی گومانی ساتەکانیا
سوڕم ئەدا بیرەکانم ئەم بێژنەوە
سوڕم ئەدا و لە چۆڵیکا کە ئاو: خەوی ئاسمانێکە نەزۆرك،

جێم ئەهێڵێ قاچەکانم ئەمگێڕنەوە
جێم ئەهێڵێ و خێڵی ترسی جێنیشتە لەناو قوڕگی نەهەنگا ئەمدۆزنەوە،
دەستەکانم: ئەمڕننەوە
ئەمدۆزنەوە و بە ستوونی یەك بە یەکی دەوارەکانی تاوانا
ئەمبەستنەوە، لەشم لەسەرم ون ئەبێ
سەرم کتێبێکی کۆنە، لەناو تاقی مێژوویەکا دانراوە
تۆزی شپرزەیی ئەیخوا، سەر لەسەر سەر هەڵچنراوە
خەتەکانیان داون.. ئەلکێن بە قاچی جاڵجاڵۆکەی ڕۆژەکانا
لەشم خوانێکە لە ژووری نەوسەکانما ڕاخراوە
بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو هەرێمێکە بێ دەنگی داگیری ئەکا

ئەوەتانێ شاعیر لە گەڕانێکی بێوچاندایە، هەر هەنگاوە و دەچێتە پێش لەمپەرێك دێتە بەر هیوای و ئاسۆی ڕەوتەکەی تێکدەشکێنێ، هەتا ئەوەی بیرەکانی خۆی دەبنە مایەی نائومێدی بۆ شاعیر، ئەیبەستنەوە و گێنگڵی پێ دەدەن، و بە ستوونی یەك بەیەکی دەوارەکانی تاواندا ئەیبەستنەوە، شاعیر سەری خۆی ئەچووێنێ بە کتێبێکی کۆن، کە لەگەڵ دەستەخوشکی سەرەکانی دیکەدا هەڵچنراون، و تەپوتۆزی زەمان بە تەواوی لاپەڕەکانی بێ کەڵك کردوون، هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی شاعیر ئەوەندە هەست بە نامۆیی دەکات سەری دەچوێنێ بەخوانێك و ڕاخراوە لە ژووری نەوس و هەوەسەکانیدا، کەچی وێڕای هەموو ئەو نامۆییە دەکەوێتە نێو شەوەزنگی بێدەنگی و هەرێك لە ئەنگوستەچاویی داگیری دەکات.
ئەم دەقە شیعرییە زۆر قووڵە و پڕە لە وێناکاری دەروونی و هەستییەوە. لە ڕوانگەی دەروونییەوە:
ئاستی دەروونی:

شاعیر لە دۆخێکی نیگەرانی و پەرێشانی دەروونیدایە. "گومانی ساتەکان" و "بێدەنگی" ئاماژەن بۆ دۆخێکی دەروونی ناجێگیر و پڕ لە خەم.

وێناکاری جەستەیی:

- "قاچەکانم ئەمگێڕنەوە" - هەستی ناتوانایی و دابەزین
- "دەستەکانم ئەمڕننەوە" - لەرزین و ترسان
- "لەشم لەسەرم ون ئەبێ" - هەستی جیابوونەوە لە جەستە

سیمبۆلیزمی قووڵ:

- "چۆڵێک کە ئاو خەوی ئاسمانێکە" - نەبوونی هیوا و وشکایی دەروونی
- "سەرم کتێبێکی کۆنە" - یادەوەرییەکان و ڕابردوو
- "تۆزی شپرزەیی" - کاتی تێپەڕیو و فەرامۆشکاری

دۆخی دەروونی گشتی:

دەق ئاماژە بە دۆخی ئافرەتێکی لە خەمدا دەدا، بەڵکو لە دۆخی ئاڵۆزی دەروونیدا. "نیوەشەو" وەک کاتی تەنهایی و بیرکردنەوە لە ژیان و مردن.

ئەم شیعرە بە شێوازێکی هونەری قووڵ بە دەربڕینی ئازاری دەروونی و هەستی نەمانی دەردەکەوێ.

دوابەدوا ئەمە و هەر لەم شیعرەدا شاعیر باس لە قەیرانی مرۆڤ دەکات، کە ئەویش بریتییە لە (خەو)، و دەڵێت:

خەوە خۆری ئەم هەرێمەی خەساندووە
خەو بکوژن.. خەو لەم هەرێمەدا دەرکەن

بۆیە شاعیر دەیەوێ مرۆڤ ڕزگاری بێت لە قەیرانی (خەو) چونکە بە هۆکارێکی مەزنی دادەنێ کە ڕێگرە لە ئاراستەگیریی مرۆڤ، بۆیە دەڵێت: خەو بکوژن یان دەیکەن، بۆئەوەی مرۆڤ لەو قەیرانە ڕزگاری بێت.
ئنجا شاعیر دێتە سەر باسی نهێنییەکانی ژیان و گەردوون و دەپرسێ:

نهێنییەکان چنگی شەنن، لێکدانەوەم لە وەرزێکا بەبا ئەدەن
کە هێشتاکو گوڵە گەنم نازانێ ئەو بۆچی ئەڕوێ !
کە هێشتا چاوم نازانێ ـ تەماشای ـ بۆچی ئەکوژرێ !
بۆچی ئەمرم ؟! بۆچی ئەستێرەکان نامرن !
بۆت ئەگەڕێم و تەماشام بەسێدارەی نیوەشەودا هەڵواسراوە
نهێنییەکان بیابانن: مێشکم لمی تینوویانە
بۆت ئەگەڕێم و لە پرسەی بوونی خۆما لەبەر نهێنیت هەڵئەسم
لەم چۆڵەدا کاروانی پرسیار ڕێچکەیان
ڕووە و کارێزە و نایگەنێ (شێرکۆ بێکەس، ١٩٩٣: ١٨٥)

لە کۆتایی شیعرەکەدا حاڵەتی تاریکی و نیوەشەو کە وەك تابوتێك دێتە پێش چاوی و جیهانی تیادا ڕاکشاوە، لەمەوە چەندین پرسیار و گفتوگۆ دێتە ئاراوە، کە تیایدا نائومێدی و بێهیوایی باڵ دەکێشێ بەسەر ناخی شاعیردا، هەروەك چۆن بەر لەویش بە نهێنییەکان ئاشنا نەبووە، ئەویش پرسی نهێنییەکانی دەگاتەوە گومان و بێ وەڵامی. تاریکی نیوەشەو لە ژیاندا بۆتە قرژاڵ و هەموو ساتێ بەدوای بیر و وشەی شاعیرەوەیە، نیوەشەر ئەو بارەیە کە وەك گێژەڵوکە جێگە و شوێنی لێ ون دەکات و لە ناکاودا شاعیر خۆی لەناو قورگی نەهەنگدا ئەدۆزێتەوە، لەوێشدا دووبارە ترس و فۆبیا و گومان دەبنە هاودەمی و دەگاتە ئاستێك کە سەری لە جەستەی جودا دەکەنەوە:

بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو تونێلێکە شەمەندەفەری بێداریم
هەڵئەلوشێ
بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو قرژاڵێکە،
خۆی لە بنجی وشەکانم ئاڵاندوە و،
هەتاوی گشت حەرفەکانم هەڵئەمژێ،
بۆت ئەگەڕێم و نیوەشەو لەناو بێژنگی گومانی ساتەکانیا
سورم ئەدا، سورم ئەدا و لە چۆڵێکا کە ئاو: خەوی (هەمان سەرچاوە)

ئەوەی شاعیر دەباتە کۆتای قەسیدەکە ئەوەیە کە ئەیەوێ پرسی هەرە گەورەی دڵی بدرکێنێ، دەڵێت:

بۆت ئەگەڕێم ئەی کیشوەری چاوە وێڵ و ونبۆکانی خۆشەویستیم
ئەی زەمینی خوانشینی نەدۆزراوە..
بۆت ئەگەڕێم
بۆت ئەگەڕێم
بۆت ئەگەڕێم. (شێرکۆ بێکەس، سەرچاوەی پێشوو)

ئەم پرسانە لەلای شاعیر گەورەتر دەبێت بەتایبەت کە تەماشای هەردوو دیوانی (خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعرێ) و (دەربەندی پەپوولە) دەکەین، بۆ نموونە لەسەرتای دەربەندی پەپوولە دا دەڵێت:

دڵۆپ دڵۆپ باران، گوڵ ئەنوسێتەوە و
نمەنمەیش چاوانم تۆ
چ ساڵاوێکی نامۆیی و چ ژانێکی بەخشندەیە
وا لەسەر خۆ
بەرد بە بەردی
کێوی سەرم ئەپشکوێنن (دەربەندی پەپوولە: ١)

پرسی ئەم شیعرەیش لە نامۆ بوونی شاعیر خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت و لە بەستەڵەکی ئەو کاتەی ژیانی شاعیرەوە سەرهەڵدەدەن، شاعیر دەڵێت: شیعر لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە پرسیاری تیا ئەوروژێ، ئەو پرسانەی ئەمانخەنە بەردەم نادیار و سەرسامامان دەکەن. هەربۆیە نمەی باران ئەرکی نووسینەوەی گوڵ لە ئەستۆ دەگرێت و نمەی فرمێسکی شاعیریش یار ئەنووسێتەوە، بۆیە ئەو هەستە قوڵەی بە نامۆیی دێتە بەرچاو.

**وەچەپاری دووەم: نامۆیی شوێن (نیشتمان):**

شوێن بریتییە لە نیشتمان لەلای شێرکۆ سروشتی دڵفرێنی کوردستان و تایبەتتریش شاری سلێمانییە، وەك یەکەم جێگە کە شاعیر لەوێ ژیاوە و هەروەها (هەڵەبجە) وەك ئەو نیشتمانەی سەرەتا شاعیر لەوێ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، و جێی پەلهاویشتن و ڕۆچوون بە ئازارەکانی سەرانی نامۆیی کورد لە پرسەکانی ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ. شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ دواوە بۆلای شاعیرانی پێش خۆی و لەوانەوە پرسیار لە بەسەرهاتەکانی نیشتمان دەکات، چونکە ئەو نامۆیە بە شوێنی ئێستای و هیچیان تام و بۆنی وڵاتیان تیا نییە و شاعیر ناتوانێ بێ یادەوەرییەکانی نیشتمان ژیان بگوزەرێنێ، کە تەماشای قەسیدەکە دەکەین ئاماژە بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان دەکات، هەیبەت سوڵتان، گۆیژە، قەرەداغ، هەڵەبجە، سلێمانی و گەرەك و شوێنە دیارەکانی چنارۆك و پیرەمەگرون و.. ناوازەترین وێنە ئەوەیە کە شاعیر دەیکێشێ ئەویش دوای چوونە دەرەوەی لەگەڵ کەش و هەوای نیشتماندا، چونکە لەوێدا بە وردی لە خاڵگەلێکدا جوداگیریی دەکات لە نێوان نیشتمان و ئاوارەییدا، و دەڵێت:

ئەگەر ڕۆژێ خۆرەتاو بێ
ڕائەکەم و بۆ چەند ساتێ ئەچمە بەری
ئەو لێم ئەدا و من چاو نووقاو
ئەڵێم بەشکو ئەمجارەیان ئەم هەتاوە
لە هەتاوی بەربەرۆچکەی بن گوێسوانەی، خۆمانبچێ !
ئەگەر جار جار (با) هەڵبکات
ڕائەکەم و بۆ چەند ساتێ ئەچمەبەری
ئەڵێم بەشکو ئەمجارەیان
ئا ئەم (با)یە
وەك ڕەشەباری سلێمانی
بە پرتاو بێ و هەڵمبگرێ و
تۆزێ خۆڵ بکاتە چاوم! (دەربەندی پەپوولە: ٢١٨)

شاعیر لە تاراوگەیە و دەیەوێ بەهەر نرخێك بێت سەرێك بداتەوە لە یادەوەرییەکانی کوردستان، ئەوەتانێ پێمان دەڵێت: هەر کە خۆرەتاوێ دەردەکەوێ بە خێرایی ڕاکەم و ئەچمە بەری، و چاوم لێك ئەنێم و بەخۆم ئەڵێم خۆزگە ئەم هەتاوە وەك هەتاوی گوێسوانەکەیماڵی خۆمان دەبوو.

هەر بەو جۆرەش کە بایەك لە شاری نامۆیی و دوورە وڵات هەڵدەکات بێ سێ و دوو شاعیر ڕائەکات و ئەچێتە بەری بەو هیوایەی ئەو بایە وەك ڕەشەباکەی سلێمانی بێت، خۆ کە پۆلە کچێکیش دەبینێت ئیدی بەرەو ڕوویان دەچێت، بەو ئومێدەی ناز و عیشوەی کچانی شار و گەرەکی خۆیانی لێ ببارێ.

کە چاوی بە بازاڕێکی میللیش دەکەوێ، ئەچێتە ناوی و تیایدا دەگەڕێ بەو ئاواتەی گوێی لە هاواری میوەفرۆش و سەوزەفرۆش و ماسی فرۆشێك بێت.

لێرەوە شاعیر لەم بڕگەیەدا زۆر بە هونەریانە و لەڕێی بینینی هاوشێوەکانییەوە بەدوای نیشتماندا دەگەڕێت و بەدوایدا وێڵ دەبێت، ئەگەرچی لە ڕێگەی بیرەوەرییەکانییەوە ئەنجامی دەدات، بەڵام ئەمانە بارتەقایان نابنە شێوەی سیماکانی نیشتمان هەروەك خۆی لە بڕگەی دواتردا دەڵێت:

ژوورێکم هەیە تەنیاییم بەشی ناکات
تەنیاییم جمەی دێ لە دەنگ
لە ڕەنگ و بۆن و تامی کۆست
ئەو کردوێتی بە نەریتێ هەموو شەوێ
وەك هەڵەبجە
گەلی بازێ
قەڵادزێ
پیرەمەگروون
لەگەڵ خۆیدا (هەمان سەرچاوە: ٢٤٦)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ماڵی خەیاڵی شاعیر شێرکۆ بریتییە لە یادەوەرییەکانی و نیشتمان و ئەو شتانەی هاودەمی بوون و ڕووداوەکانی ژیانی لەگەڵ گوزەراندوون هەروەها زام و خواستەکانی هەموو کونج و کەلەبەرێکی وڵاتەکەی، بێگومان ئەوەش کە بەو ئاقارە دەبیات دیارە جگە لە هەستە نەتەوەییەکەی، ئەو حاڵەتی تەنیاییەیە کە هەموو ناخ و هەست و نەست و جەستەی شاعیری داپۆشیوە، بۆیە لەم ئاقارەدا دەڵێت:

ماڵێکم هەیە تەنیاییم بەشی ناکات
ئەو، شەوانە بووە بەخووی
هەر لەسەر ئەم چرپا تەسکە
ئەبێ لەگەڵ ڕووبارێکدا ڕابکشێ و
دەست بکاتە ملی گۆمێ
چرپایش کورتە بۆ قاچەکانی ڕووبار و
تەنگیشە بۆ لەشی گەورە و پان و پۆڕی گۆمەشینێ (هەمان سەرچاوە: ١٣٨)

بۆیە دەبینین شاعیر هەموو ڕەگەزەکانی شوێن (نیشتمان) دەکاتە کەرەسەی نامۆیی لە شیعرەکانیدا و لە ڕێگەیانەوە دەگەڕێتەوە ناو ژیانێك لە خەیاڵ کە تیایدا هەموو ئەو کەرەسانە دەبنە پاڵەوانی خەیاڵ و یادەوەرییەکانی نیشتمان لەلای شێرکۆی شاعیر.

**وەچەپاری سێیەم: نامۆبوون لەگەڵ کاتدا:**

زەمان (کات) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فەرهەنگی ئەدەبیات و شیعردا، ئەگەرچی نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە شیعری شێرکۆ دوای دەقی (دەربەندی پەپوولە) کات تیایدا یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان، چونکە کەرەسەی گوتاری شیعری خۆی لەسەر خوێندنەوەی

ڕووداوەكانی مێژوو و خاڵە بەرجەستە و دیار و هەڵتۆقیوەكانی ئەو ڕۆژمێرە كۆمەڵایەتیی و سیاسیی و دەروونییەی كۆمەڵگەی كوردی داناوە، بە واتایەكی دیكە شێركۆ لە گۆشـەنیگای كاتەوە باس لە مێژوویەك دەكات و ساتی تراژیدیاكانی وەك یەك دێتە بەرچاو، چونكە لەلای ئەو وایە لەگەڵ ئەوەی (كات) گۆڕاوە، بەڵام حوكمی

مێژوو لەسەر خودی ڕووداوەكان شیاوی گۆڕان نیین، ئەوەتانێ دەڵێت:

ئەی ڕۆژگارە لیخنەكان
كەی ئەبنەوە بە ئاوێنەی
ئەو درەختە دڵدارانەی
لە بەستێن و كەنارتانا
سەرتاپایان لە گوڵی تاریكی و قوڕ و
خۆڵەمێش سوور گرتووە؟!
چ باهۆزی سیمای گرژی مێژووتان ڕوون ئەكاتەوە ؟!
چۆن زەوی ئاشت ئەكەنەوە ؟
ئەی ڕۆژگارە لیخنەكان !
ئێوە هاژەتان قریشكەی
مەزار و كێڵگەی خنكاومانە
چەپۆكەكانی مەوج دانەوەی ڕەشی ئێوە
پەلە قاژیی ئەستێرەكانی ئێمەیە
ئەوەتا دار وپەردووی گۆرانییەكانمان، جەژنەكانمان
بە ئەنجن ئەنجن كراویی ڕائەماڵن (هەمان سەرچاوە: ١٤٦)

شاعیر بانگ لە ڕۆژكارە لیخن و بێ نەزاكەتەكان دەكات و پێیان دەڵێت: چ كاتێك و كام زەمان دەبنەوە بە ئاوێنەی ئەو درەختە ئەیندارانەی لە كەنارتاندا خۆیان لێوانلێو كردووە لە گوڵی تاریكی و قوڕ و خۆڵەمێش و هەموو جەستەی خۆیان تێناوە.. جارێكی دی شاعیر بانگیان لێدەكات و ئەمجارە پرسێكی دیكە دەورووژوونێ و دەڵێت: ئەوە چ باهۆزێ سیمای ناجۆر و ناشرین و ناقوڵاتان ڕوون دەكاتەوە ؟ ئەی بە چ ڕێگەیەك زەوی ئاشت دەكەنەوە ؟ چونكە ئێوە دەنگی هاژە و خورەی سازگاری ئاوتان بریتییە لە دەنگی قریشكەی مەزار و كێڵگەی خنكاومان، ئەوە ئێوەن كە داروپەردوو و جێماوەی سترانەكانمان و جەژنەكانمان بە لەت لەتكراوی ڕائەماڵن و تەفروتونایان دەكەن و گۆڕیان ون دەكەن.

بەوجۆرە ڕۆژگار تێدەپەڕێت و زەمان لە گۆڕاندایە، بەڵام حوكمی مێژوو هەمان حوكمە كە وەك یاساییەك كار لەسەر چارەنووسی گەلەكەی دەكات.

لە برگەیەكی دیكەدا شاعیر خۆی دەچوێنێ بە پایز، ئەو ماوەیەی كەشوهەوا بەو خولگەیدا تێپەڕ دەبێت، شاعیر هەموو سیفاتەكانی ئەو وەرزە (ماوە زەمەنییە) هەڵدەگرێت، وەك زەردبوون و وەرین و سیس بوون، ئەوەتانێ دەڵێت:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

لە گوێ زەریایت.. چاوەکانت وەك کەلەپۆ
بڕیوەتە نهێنێ ئاو
سەرت لەناو نامۆییدا بەلەمێکی سەرگەردانە و
دەستەکانت سەوڵی شکاو
وەکو پایز ئێوارەی تەنیایت تەڕە و
یادگاری لێ ئەچۆڕێ و
خەیاڵیشت زەردەی هەتاو (هەمان سەرچاوە: ٢٤٨)

کەواتە لێرەدا شاعیر تەواو سیماکانی پایز هەڵدەگرێ، سەری نوقمی نامۆیی بووە و وەك بەلەمێکی سەرگەردان وایە و هەردوو دەستەکانیشی وەك دوو سەوڵی شکاو وان.. تەنیایی بۆ شاعیر وەك پایز تەڕ و تووشییە پڕە لە یادگاریی نیشتمان و خود و خوێش، بەلام بەخەیاڵ هەتاوی هیوا لێی هەڵاتووە و چاوەڕێی ئاوابوون ناکات بۆیە بۆتە تروسکایی.

لە بڕگەیەکی دیکەدا شاعیر وەرزی ستان وەك بارێکی پەیوەست تەماشا دەکات، و دەڵێت:
لەوساوە من زستان، ناو حەوشەی هۆنراوەم
پڕ ئەکات لە بەفر و دارچوالەی هەستیشم ئەخاتە
بەرباران، لەوساوە من زستان کێلاومی و
کردوومی بە کێڵگەی گەنم و جۆی ئێش و ژان (هەمان سەرچاوە: ١٤٠)

کاتێك باس لە زستان دەکات، یەکسەر پەنا بۆ بەفر و ڕێگرتن و برینداركردنی هەستی شاعیر دەکات، ئەوەتانێ زستان دار چوالەی هەستی دەخاتە ژێر باران و تەڕی دەکات، بگرە بە بارانی بە خوڕی جەستەی شاعیری کردۆتە کێڵگەی گەنم و جۆی ئازارەکان.

شاعیر بەردەوامە لە دەرخستنی دیاردەی نامۆیی لە پانتایی کاتدا و دەڵێت:
ساواقە
ساواقە
ساواق
ساواقی ساڵانەی بەهاری بێ وڵات
ساواقی بورجی (مارت)
شەپۆڕی باهۆزە و شیوەنی گوڵانە و
تەدارەك ڕێك ئەخەم
تەدارەك: لە ئەسپی کەشسەر گرتووی ڕەوەندم (١٤٨)

دیارە وەك پێشتریش باسمان کرد شاعیر زەمەنی گەیشتن و قسەکردنی لە ڕۆژدا کردۆتە ئێوارە و شەو کە دیارە وەسف و خاسیەتەکانی ئەوکاتە هێمای نائومێدی و ڕەشبینیە:
ئێوارەی دوای بانگی برینتان من ئەگەم.. ئێوارە

ئێوارە... دوای شیعری گریاوتان لاتانم.. ئێوارە
کە هاتم (هەمان سەرچاوە: ۱۳۰)

شاعیر زامی گەلەکەی و ژانی ڕۆشنبیری کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ تەمەنی شاخ کە دیارە زەمەنێکی نادیارە و هەر لەوێوە کورد ڕێچکەی تراژیدی هەبووە و هەتا هەنووکەش بەردەوامە، لەم بارەیەوە دەڵێت:

لە خێڵی ئاوەوە پشتاوپشت
زاوزێی ئەم نەوەی ڕووبارۆچەمانە
هاتوون و تاسەرمن، تا ئێستەیش
تینوێتی سەرچاوەی عەشقیانە
ئەز چیتان بۆ باس بکەم ؟
کام خوێنتان بۆ باس بکەم؟
کام ئاختان نیشان بدەم ؟
لە کوێوە بێمە ناو زریکە و قیژەوە ؟
لە ریزی وەریندا لە پێشدا چ ڕەنگێ پێش بخەم ؟
لەم چرای دەنگانە لە پێشدا چ دەنگێ هەڵبکەم ؟ (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعرێك: ۲۱٤)

بێگومان وەڵامی هەموو پرسیارە خواستنەکانی شاعیر ڕوونە کە تەمی بێ هیوایی ئاسمانی ئاسۆی تەماشاکردنی تەنیوە و ناهێڵێ بەهیچ بیانوویەك سەرهەڵبڕێ و چاوی بە هیوای ئاسمانی شین بکەوێ.

**ئەنجام**

**دوای تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:**

**۱.** دیاردەی نامۆیی یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ خودی شاعیردایە، بۆیە خود سەرچاوە و کانگەی یەکەمی ئەم دیاردە دەروونییەیە کە دواتر دەبێتە تێشووی بەرهەمگەلێکی ئەدەبی و دەقی ئەفراوی لێ بەرهەم دەهێنرێ. بۆیە هەرکات پەنا بۆ سەرچاوەکان دەبەین بۆ پێناسەکردنی ئەم دیاردەیە دەبینین نامانگەیەننە پێناسەیەکی هەمەلایەنەی چڕوپڕی زانستی، لەبەرئەوەی خودی دیاردەکە خاوەنی گۆشەنیگای ورد و جودایە و پریشکی پەڕیوەتە نێو زانستگەلێکی مرۆیی وەك سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا و فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی.

**۲.**کات ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فەرهەنگی ئەدەبیات و شیعردا، بۆیە شیعری شێرکۆ دوای دەقی (دەربەندی پەپوولە) کات تیایدا یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان، چونکە کەرەسەی گوتاری شیعری خۆی لەسەر خوێندنەوەی ڕووداوەکانی مێژوو و خاڵە بەرجەستە و دیار و هەڵتۆقیوەکانی ئەو ڕۆژمێرە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و دەروونییەی کۆمەڵگەی کوردی داناوە، بە واتایەکی دیکە شێرکۆ لە گۆشەنیگای کاتەوە باس لە مێژوویەك دەکات و ساتی تراژیدیاکانی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٦

وەك یەك دێتە بەرچاو، چونكە لەلای ئەو وایە لەگەڵ ئەوەی (كات) گۆڕاوە، بەڵام حوكمی مێژوو لەسەر خودی ڕووداوەكان شیاوی گۆڕان نیین.

٣.شوێن لە دەقی شیعری شێركۆدا چووەتە نێو سەرجەم بابەتە شیعرییەكانییەوە، ئەوەتانێ تەنانەت لە باسی دیاردەی نامۆیشدا وەك ڕەگەزێكی زیندوو مامەڵە لەگەڵ شوێندا دەكات، چونكە شێركۆ تەركی نیشتمانێكە كە تیایدا ژیاوە و لە شاخ و داخیدا خەبات و تێكۆشانی بۆ ئازادی سەرفرازی كردووە.

٤.لە دەقەكانی شێركۆدا هەردەم خود لەگەڵ ڕەگەزەكانی دیكەدا جۆشدراوە هەتا ئەوەی پنتێكی دیار و ئاشكرایە و بە ڕوونی كاری لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەكانی دیكەدا دیارە.

٥.نامۆیی شاعیر بە هۆی دیاردە جۆراوجۆرەكانیەتی لە دووریی وڵات پەشیمانیی خۆی و گەلەكەی و هیوا و ئامانجەكانی هەمووی دەخاتەڕوو لە شیعرەكانیدا.


**سەرچاوەكان**

**یەكەم: سەرچاوە كوردییەكان:**

١ـ شێركۆ بێكەس: خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعرێ، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢ـ شێركۆ بێكەس: دەربەندی پەپوولە، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٣ـ شێركۆ بێكەس: كەژاوەی گریان، چاپی یەكەم، سلێمانی، ١٩٦٩.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەكان:**

١ـ شاخت (د.س): ريتشار، الاغتراب، ترجمة: كامل يوسف حسين، بيروت.

٢ـ عباس (١٩٩٩): أسامة ابراهيم: الغربة والحنين في شعر العصر العباسي الثاني، بغداد.

٣ـ الفيروزابادي (٢٠١٣): مجدالدين أبو طاهر محمد بن يعقوب بن محمد بن ابراهيم بن عمر الشيرازي، القاموس المحيط، دار الحديث، القاهرة.

٤ـ ميشل (١٩٨١): دينكن، معجم علم الاجتماع، ترجمة: الدكتور احسان محمد الحسن، بيروت.

٥ـ مجاهد (١٩٨٤): عبدالمنعم مجاهد: الاغتراب والانسان، دمشق.

٦ـ مجمع اللغة العربية (١٩٧٩): المعجم الفلسفي، جمهورية مصر العربية.

٧ـ ابن منظور (٢٠١٦): محمد بن مكرم بن علي ابو الفضل جمال الدين، لسان العرب، دار المعارف.

٨ـ وهبة (١٩٧٤): مجدي، معجم المصطلحات الادبية، بيروت.

**Sarjakan**

**This is the Kurdish language:**

-١Shirk Beks: Khach, Mar, and a Poetry, How to Do it, Soleimani, 1998.

-٢Shares in Arabic: Public Library, Today, Soleimani, 1998.

-٣Shirk Beks: How to Giryan, Chabi, Soleimani, 1969.

**Doom: English:**

.١Shakht (D.S.): Richard, Alienation, translated by Kamel Youssef Hussein, Beirut.

.٢Abbas (1999): Osama Ibrahim: Alienation and Longing in the Poetry of the Second Abbasid Era, Baghdad.

.٣Al-Fayruzabadi (2013): Majdal-Din Abu Tahir Muhammad ibn Ya'qub ibn Muhammad ibn Ibrahim ibn Umar al-Shirazi, Al-Qamus Al-Muhit, Dar Al-Hadith, Cairo.

.٤Michel (1981): Dinkin, Dictionary of Sociology, translated by Dr. Ihsan Muhammad al-Hasan, Beirut.

.٥Mujahid (1984): Abdul-Moneim Mujahid: Alienation and Humanity, Damascus.

.٦Academy of the Arabic Language (1979): Philosophical Dictionary, Arab Republic of Egypt.

.٧Ibn Manzur (2016): Muhammad ibn Makram ibn Ali Abu al-Fadl Jamal al-Din, Lisan al-Arab, Dar al-Ma'arif.

-٨Wahba (1974): Majdi, Dictionary of Literary Terms, Beirut.